
# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

## (شانۆی شار)

## (٢)



لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، بیرۆکەی شانۆ و خولیای شانۆ لە باشووری کوردستان دا و بەتایبەت لە شاری سلێمانی دا چاوی بوونی هەڵهێنا. هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، شوێنێك نەبوو لەو شارەدا، کە ماڵی شانۆ، یان هۆڵی شانۆ بووبێ. ئەوە بوو پاش دروستکردنی ئامادەیی سلێمانی —کوڕان - بۆ یەکەم جار لە رووی تەلارسازییەوە بیر لە دروستکردنی هۆڵێکی گەورە کرابێتەوە کە سەکۆی شانۆی تیادا بووبێ. هەر چەندە دوور نییە، شانۆ وەك هونەرێك لە چوارچێوەی مەبەستی ئەو هۆڵەدا بووبێ، رەنگە بۆ ئاهەنگ، یان ئەزموونەکانی خوێندن بووبێ، بە هەر حاڵ لە رۆژی دروستکردنیەوە خۆی بە ماڵی شانۆی شار ناساند و سەپاند. بەو پێیەی ئەو شانۆیە چەند سەد مەترێ لە ماڵەکەمانەوە لە گەڕەکی (چوارباخ) نزیك بوو، بۆیە ئاشنای بەرد بە بەردیم و هەرچی دەستکاری و گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ ئاگادارم. بۆ نموونە کاتی خۆی دوو رێز پەنجەرەی گەورە لەم بەر و ئەو بەری هۆڵی دانیشتووانی هەبوون، پاشان گیران و پڕکرانەوە. هەروەها دیواری پشتەوەی شانۆکە دیوارێکی گەچکاری دروست بوو، کە لە رووی ئەندازەی دەنگەوە درووست بوو، تێکیان دا و کردیانە دوو دەروازەی زەبەلاحی بنمیچ، کە کارێکی نادرووست بوو، نەك جارێ پتر لە دە جار نۆژەنی بنمیچی هۆڵەکە کرایەوە. لە یەکێ لە نۆژەنکردنەوەکاندا، بنمیچی شانۆکەیان بە رارەو و پەیژەی ئاسنینی محەجەرە دار تەنی، ئەمەشیان بووە مایەی پابەندکردنی ئەو بنمیچە کە کاری رووناکی تیادا دەکرا، بۆیە بەم کارە بووە مایەی رێگرتن لە بەکارهێنان و بە دەستەوەهاتنی بۆ مەبەستە شانۆییەکە، پاشان لە تەنیشتەوە ژووریان دایە دەم پانتایی سەر شانۆکە، پاش ئەو گشت نۆژەنکردن و دەستکاریکردنە، هەر دەستخۆشی لە ئەندازیاری یەکەمی دەکەم، کە لەو سەردەمەدا هونەری نواندەوە. لەو ساڵانەدا کەناڵێکی تەلەڤزیۆن هەستان بۆ تۆمارکردنی (فلیمی دیکۆمێنتیار) لەسەر ژیان و شانۆکەم، منیش هەرچۆن بردمن بۆ گەڕەك و ماڵەکەمان و هەواری باب و باوانم، لە دووتۆی ئەو گەشتە گوزارشت لە تەمەنە سەردانی شانۆی ئامادەیی سلێمانیمان کرد، زانیمان کراوە بە شانۆیەکی، کە پێی بگوترێ شانۆ، بەڵام، ئاخ و داخ بۆ ئەم بەڵامە، نەمانتوانی بچینە ژوورەوە و سەردانی بکەین، گوایە، بەرپرسێکی باڵای سیاسی، کلیلەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە و ئاخنیویەتە باخەڵیەوە و تایبەتی کردووە تەنیا و تەنیا بۆ کاری حزبایەتی. ئەمجارەش هەر خۆم دڵخۆشی خۆم دایەوە و گوتم: براکانم ژمارەیەکی زۆر شوێن هەیە رۆژانێ کاری شانۆییم تیادا کردووە، دەی با بڕۆین، جگە لە هۆڵی بەڕێوبەرایەتی چالاکیی قوتابخانەکانی سەرکارێز، کە ئەویش کارکردنی تیادا نەماوە، سێ چوار قوتابخانە هەبوون کە هۆڵەکانیان وەك هۆڵی شانۆ بەکار دەهێنا، ئەوانیش نەمابوون، ئەوسا رووما لە زانکۆی سلێمانی کرد کە شانۆی زانکۆی تیادا بوو، کە گەلێك سەربوردەی تاڵ و شیرینم لەگەڵیدا بوو. سەرەتا و کە هێشتا تەنیا (هەیکەل) بوو ساڵی (١٩٧٢) شانۆی (پیسکەی تەرپیر)ی (مولیێر)م تیادا پێشکەشکرد و پاشان چەندین شانۆیی دیکە و ساڵانێکیش بەرپرس و دامەزرێنەری (تیپی شانۆی زانکۆ) بووم، ئۆفیسی کارکردنم لە هەمان شوێن بوو، ئەوەی شایەنی باسە پاش راپەڕین کرایە بارەگای یەکێتی هونەرمەندان و ناوەکەشی کرا بە شانۆی هونەرمەندان، چوومە ناو زانکۆوە، بە هیوا و جۆش و خرۆشی شادبوونەوە بەو یارە هەوارەم، بەڵام تابلۆی دەرگای هۆڵی شانۆکە، تووشی حەپەسان و تیادا رامانی کردم، نووسرابوو: (هۆڵی کۆڕە زانستییەکان)! بۆچی شانۆ بکرێتە هۆڵی کۆڕی بابەتە زانستییەکان؟! جگە لەوەی وەك من دیومە و شارەزام، سەرجەم زانکۆی وڵاتان، بە زانکۆکانی جارانی عێراقیشەوە، کە لەسەر زۆربەیان کاری شانۆییم پێشکەش کردووە، چ لە بەغداد و بەسرا و موسڵ.. لەگەڵ ئەوەشدا خاسیەت و پێداویستیەکانی هۆڵی سیمینارە زانستییەکان گەلێك جودایە و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو شانۆیە کە ئەندازیار (د. محەمەد حەسەن) درووستی کردووە، تەنیا بۆ ئەرکی شانۆیی بووە. ئەمجارەش هەر بە ناچاری کەوتمە دڵخۆشیدانەوەی خۆم و برادەرەکانم، هێندەی نەبرد خۆم

## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

پێنەگیرا و پردی ئارامم پسا و کەوتمە هەڵڕشتنی زاخاوی دردەدڵ، گێڕامەوە: ئەوە بەری چەند ساڵێ بە گەشتێکی شانۆیی بانگێشتی (ئەڵمانیا) کرابووم، بە هاوەڵی چەند شانۆکارێکی ئەڵمانی سەردانی چەند شانۆیەکی چەند شارێکی ئەو وڵاتەم کرد، هەمەجۆرە شانۆ، کلاسیك، نوێ...

جگە لە شارەزابوونم بە خاسییەتی هەر شانۆیەك، جگە لە سیستەمی خوێندنی هونەری شانۆ لەو وڵاتەدا، لەو ڕێگای سەردانەوە رادەی پەرەسەندنی شانۆکەیان و دەست باڵایی تەکنەلۆجیای هەرە نوێ لە شانۆکانیاندا. کەوتمە بەراوردکاریی لە نێوانی هەژاری شانۆکەمان و هەڵکشان و زەنگینی ئەوان. خواکردی ئەڵمانییەکان سەردانیان کردینەوە، یەکەم داوایان بینینی شانۆکانمان بوو، دیاربوو کاتێ ئۆفیسی شوێنە رۆشنبیرییەکانیان لە ئۆفیسی وەزیر و بەرپرسان و بە ئۆفیسی تایبەتی منیشەوە، وەك نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، وای بۆچووبوون، کە دەبێ باری شانۆکانمان چۆن بووبێ. سەرەتا میوانەکانم برد بۆ هۆڵی رۆشنبیری لە پایتەختی هەرێمدا، کاتێکم زانی هەر هەموویان لە پشت پەردەکەوە دەور و خولی جەرو چەرقەیەکیان داوە کە بە جۆتی گوریسی ئاسنین ئامێرەکەی شەتەکی پردە ئاسنینەکەی بنمیچەی شانۆکە کردووە، ئەو پردەی پابەندی کاری رووناکییە، سەیرم کرد، ئەو بەستەزبانانە ئەم سەریان ئەکرد و ئەو سەریان ئەکرد، سەریان لێدەرنەدەکرد، گیرۆدە ببوون و پەیتا پەیتا لە یەکدییان دەڕوانی. گوتم با بە هانایانەوە بچم و لەو گێژاوی (تەڵە مشکێنەیە) دەریان بهێنم، گوتم: دەزانم ئێوە لەو جۆرە هەرامە تەکنۆلۆجییە ناگەن، ئەمە داهێنانی ئێمەیە، کەوتمە بادانی جەروهندلەکەی، بەڵام چونکە ژەنگی گرتبوو، بە باشی بۆم هەڵنەدەسووڕا، ناچارمان بە هەموویان کۆمەکیان کردم، زرم پردە دای بەسەر تەختەی شانۆکەدا و هەموویان خراپ داچەڵەکین، بەڵام کاتێ لە ئەرکی ئەو ئامێرە عەنتیکە خۆماڵییەمان حاڵی بوون، پێکەنین خورپە و داچڵەکینی لە بیر بردنەوە. پاشان گوتم: ئێوە گەلێك کەلەپوور پارێزن، بۆیە بە چاکی دەزانم ئەمە ئامێرە بکەمە دیاری بۆتان و ئێوەش لەگەڵ خۆتاندا بیبەنەوە و بە خۆشی و تامەزرۆییەوە خەڵاتی مۆزەخانەی شانۆی ئەڵمانی بکەن و لە گۆشەی ئامێرە دانسقە و دەگمەنەکانی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی شانۆدا دایبنێن، دوای ئەو شانۆیە گەلێك شتی سەیرترم پیشاندان. کاتێ گەڕاینەوە شوێنەکەم لە هونەرمەندان، گوتیان: ئێمە ئامادەین، هەر کە چووینەوە داوایەك بدەینە وەزارەتی دەرەوە دوو سێ بارهەڵگر پێداویستی شانۆیتان پێشکەش بکەین، بەبێ ئەوەی، تەنانەت پارەی گواستنەوەشتان بچێتە ئەستۆ.

بەڕاستی دڵخۆشیان کردم، خێرا پێوەندیم بە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە کرد و ئەو مژدەیەم پێدان، کە چی زۆر بە ساردییەوە وەریان گرت، هەر دەتگوت شوڵکێکی تەڕیان بە قوڵنگەی کەپوویاندا داوە. کۆڵم نەدا و شاندەکەم برد و بابەتەکەم خستە دیاریان، لە بری خۆشحاڵی (شیردا بۆ داپیردا...) یان دەهێنایەوە. ناچار کەوتمە شیکردنەوە و مەزنیی ئەو کارە، کاتمان بەسەر برد و چای خواردنەوە قاوەی بە دوادا هات و بووەوە بە چایی خواردنەوەی دووەم وسێیەم، هەر نەچوونە ژێر بار و، کاتێ هەستاین گوتی: خوا کەریمە، ئینشائەڵڵا..

من خۆم ساڵەهایەکی تەمەنم مامۆستای هونەری نواندن بووم، چ لە پەیمانگا و چ لە کۆلێج، بۆیە زوو تێگەیشتم، کە مەبەستی نییە، ئەو خوا کەریم و ئینشائەڵڵایە، بە پێچەوانەی مەبەست و واتاکەیەوە، کە پێی دەگوترێ (بنە وشە و بنە رستە) واتا مەبەستی ئەو پیتە پێکهاتانەی وشەو رستەکە نییە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، هەرواش دەرچوو، چونکە بۆ جارێکی دیکە سەردانم کردەوە کە بەڕێزیان لە وێ نەبوون، بەڵکو برادەرێکی دیکە بوو، ئەویش، هەڵدەستێ (قیرسچمانە) بوو. ئەمە ئەوەیە کورد واتەنی: «بە دەستی ئەنقەست دەست بە خێری خۆیەوە دەنێ.»

یاران یاوەران، خوداتان بێ ئێستاش ئەوقبوون و حەپەسان و وڕبوون کاسی کردووم و بەرینەداوم، لە فەلسەفەی ئەو نەویستنە نەگەیشتووم، خێرتان دەگاتێ بە فریام بێن. کردبووم بەخوو، هەر جارێ بچوومایەتەوە شاری سلێمانی، دەور و خولی ئامادەیی سلێمانیم دەدا، بە دەست خۆم نییە، دڵم دەستم دەگرێ و دیارە دەیان یادگاری شانۆییم لە تەك شانۆکەیدا هەیە.

دوایین جار بۆ ئەو فلیمە (دیکۆمێنتار)ییەی تەلەفزیۆنی (رووداو)، کە ماوەی حەوت مانگە کاری تیادا دەکەن، بەتایبەتی وێنەگر و دەرهێنەرەکەی (کاکە حەیدەر) و بەرهەمهێنەر (کاکە زانا). داوایان لێکردم چەند گرتەیەك لەو شانۆیە بگرن، ئەوەی دڵخۆشی کردم و ترسێکی گەورەی رەوانەوە، ئەوەبوو، بەڕێوبەرەکەی دڵنیای کردمەوە، کە بۆ دوایین جار مەترسی داگیرکردن و کردنی بە بازاڕی لەسەر نەماوە و وەك شوێنێکی کەلتووری دەپارێزرێ.

دیارە خوا چاوی میهرونەوای لە شانۆکارانی شارەوە بوو، دەنا ئەو شانۆ و ئامادەییەش، بە هەمان مەرەی خوێندنگاکانی دیکە دەچوو، باش بوو بوون بە مۆڵ لە چارەی نەنووسراو بوو...

**سەردانی شانۆی ئامادەیی سلێمانیمان کرد، زانیمان کراوە بە شانۆیەکی، کە پێی بگوترێ شانۆ، بەڵام، ئاخ و داخ بۆ ئەم بەڵامە، نەمانتوانی بچینە ژوورەوە و سەردانی بکەین، گوایە، بەرپرسێکی باڵای سیاسی، کلیلەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە و ئاخنیویەتە باخەڵیەوە و تایبەتی کردووە تەنیا و تەنیا بۆ کاری حزبایەتی**

**من خۆم ساڵەهایەکی تەمەنم مامۆستای هونەری نواندن بووم، چ لە پەیمانگا و چ لە کۆلێج، بۆیە زوو تێگەیشتم، کە مەبەستی نییە، ئەو خوا کەریم و ئینشائەڵڵایە، بە پێچەوانەی مەبەست و واتاکەیەوە، کە پێی دەگوترێ (بنە وشە و بنە رستە) واتا مەبەستی ئەو پیتە پێکهاتانەی وشەو رستەکە نییە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، هەرواش دەرچوو**



# لە نمایشکاری جلوبەرگەوە بۆ کۆشکی سپی

بەر لە ١٦ ساڵ ڕۆژنامەنووسێك پرسیارێکی ئاراستەی خانمە نمایشکاری جلوبەرگی سلۆڤینی (میلانیا کناوس) کرد، ئەویش ئەوە بوو (ئەگەر دۆناڵد ترامپی خۆشەویستەکەت ڕۆژێك لە ڕۆژان بووە سەرۆکی ئەمریکا هەستت چی دەبێ و چی دەکەی کە بووی بە خانمی یەکەمی ئەمریکا؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی زۆر ئاسایی ڕەفتار دەکەم، وەك بیتی فۆرد، یان جاکی کنێدی و زۆر پشتیوانی هاوسەرەکەم دەبم.

دوای ١٦ ساڵ تەنیا یەك هەنگاو ماوە کە میلانیا کناوس بگاتە کۆشکی سپی و بۆ ئەوەی ئەم ئاواتەی ببێتە ڕاستی. ئێستا میلانیا پشتگیرییەکی تەواوی هاوسەرەکەی دەکات بەتایبەتی لەو کۆبوونەوانەی ئەنجام دەدرێن لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنیی نەبێت لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنی هاوسەرەکەی زۆر کەم لە میدیاکان دەردەکەوێت و لە کاتی دەرکەوتنیشیدا زۆر بە وریاییەوە لێدوان دەدات و باس لەوە دەکات ئەگەر ترامپ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دەبێتە باشترین سەرۆکی ئەمریکا.

میلاینا و ترامپ کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ژیانی هاوسەرێتییان پێکهێناوە، تەنیا یەك جیاوازییان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ترامپ زۆر دژی کۆچبەرە مەکسیکییەکانە لە کاتێکدا هاوسەرەکەشی کۆچبەرێکی سلۆڤینییە، بەڵام پێناچێت ئەمە ببێتە گرفتێکی گەورە لە نێوانیان.





# هەزال چۆن باسی کودەتاکەی تورکیای کرد

دوای کودەتا سەرنەکەوتووەکەی تورکیا باری سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکیا تا ڕاددەیەك شڵەژا و بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی تورکیا دژایەتیی خۆیان بۆ هەوڵی کودەتاکە دەربڕی، هونەرمەند و ئەکتەرە تورکەکانیش هەر یەکەو بە شێوەیەك هەڵوێستی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو هەوڵە کە بێگومان کاریگەریی لەسەر جەماوەریش هەبوو.

هازال کایا کە بە (فاریحە) ناسراوە، بە توندی ئیدانەی هەوڵی کودەتاکەی کرد و لە تویتەری تایبەتی خۆی وێنەی ئاڵایەکی تورکیای بڵاوکردەوە و بێزاری خۆی دەربارەی کودەتا دەربڕی.

هازال نووسیویەتی: ئەم هەوڵە بێزاری کردووین، نازانم چۆن کەسێك دەتوانێت تەقە لە برای خۆی بکات؟ ئێمە هەموومان پێویستمان بە یەکتری هەیە.



# فیدیا بالان سەرسامە به کەلتووری بەنگالی

ڤیدیا بالا یەکێکە لەو ئەکتەرە هیندیانەی کە بەوە ناسراوە کە لە چەندین فیلمدا ڕۆڵی کچی بەنگالی بینیوە، لەوانەش فیلمەکانی (بارینیتا)، (کهانی) و(TE٣N)، ئەمەش وایکردووە کە تا رادەیەکی زۆر کەلتووری بەنگالی کاریگەریی ئاشکرای بەسەر ئەم کچە ئەکتەرەوە هەبێت.

ڤیدیا ئەمەی نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرا سەبارەت بەم بابەتە لە لێدوانێکدا وتی: هەست دەکەم کەلتووری بەنگالی بە ئاشکرا کاریگەریی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی منەوە هەیە، تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشمدا، چونکە لە کاتی بینینی ڕۆڵەکان من خۆم زۆر بە باشی ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی لە ڕۆڵەکانمدا سەرکەوتوو بم، هەروەها من لە ناوچەیەکی بەنگالی لە دایکبووم ڕەنگە ئەمەش یەکێك بێت لە هۆکارەکان کە بەم ڕۆڵانە رازی بم و سەرکەوتوو بم تێیدا.

شایەنی باسە ئێستا ڤیدیا سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکی نوێیە بە ناوی (بیجۆم جیان) کە لە ناوچەی چهار خاندی لە ویلایەتی بەنگالی ڕۆژئاوادا وێنەکانی دەگیرێت.

سۆما قاسم یەکێکە لە ئەکتەرە بەتواناکانی بواری شانۆ کە بە خۆشەویستییەکی بێ سنوورەوە ئاوێتەی ڕۆڵەکانی دەبێت، بۆیە لە کاتی نواندندا بەجۆرێک دەچێتە ناخی کاراکتەرەوە کە وەک خۆی بەرجەستەی بکات و بینەری شانۆ بباتە ئەو ساتەوەختەی کە لە سیناریۆکەدا هاتووە و خۆی لەو کەشەدا ببینێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ماندووبوونێک زۆرەوە دەبێت کە لە خۆشەویستیی بۆ شانۆ هەڵقوڵاوە. سۆما لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٨ شاری سلێمانیی خۆشەویستە وەدەرچووی ساڵی ٢٠٠٧ی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بەشی شانۆ/ نواندن، نزیکەی ١٥ ساڵە لە ناو شانۆدا کار دەکات و تا ئێستا بەشداریی لە ٨ کاری شانۆییدا کردووە. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێك دەداتەوە.

ئامادە کردنی/ زیاد کەریم

## سۆما قاسم:

# لەبەر نزمیی ئاستی دراما کوردییەکان ئامادە نیم بەشداری تێدا بکەم

*** تۆ لە منداڵی حەزت لەشانۆ نەبووە، بەپێچەوانەوە خولیای وێنەکیشانت هەبووە چۆن بوو رووت لە شانۆ کرد؟**

- لە منداڵییەوە زیاتر حەزم لە وێنەکیشان و زەخرەفە بوو، شێوەی مرۆڤەکانیشم دەکێشا، دواتریش چوومە خولێك لە چالاکی قوتابخانەکان کە مامۆستا (وەهبی) سەرپەرشتی دەکرد،جگە لەوەش حەزم لەیاری وەرزشی تایبەت یاری باسکە دەکرد، لەقوناغی سەرەتایی و ناوەندیشدا هەر یاری باسکەم دەکرد، کاتێک چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش تەقدیمی بەشی شێوەکاریم کرد کە لەوێ وەرنەگیرام ئینجا چوومە بەشی شانۆ.

*** لە پەیمانگا رۆڵت لەچەند دەقی شانۆیی جیهانی بینیوە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠١ چوومە پەیمانگا، یەکەم کاری هونەریم لە قۆناغی دووی پەیمانگا بوو، رۆڵی کارەکتەری (نینا)م بینی لە شانۆیی (مەلی دەریا)ی هنریك ئەپسن، ئەوکارەکتەری کە من رۆڵم تیا بینیی لە یادەوەری زۆربەی خوێندکاران و مامۆستایان و بینەران ماوە کە من ئەبینن باسی دەکەن، لەیادیان ماوەتەوە، زۆر رۆڵی ترم بینیوە وەك (دێزدەمونە) و(گیانی یانۆرا) و(گەمە) و (ئەسکۆریال) و (سکاپن) و( چاوەڕوانی گۆدۆ)، هەروەها زۆر جار جگە لەو دیمەنە شانۆیانەی کە وەك دیمەنی هەفتانە کارمان لەسەر دەکرد، ئێمە کۆمەلێك خوێندکار بووین، لە کاتی تاقیکردنەوی پراکتیکی شانۆیەکمان بە تەواوی پێشکەش دەکرد، لە یادەکانی (ئەنفال و کیمیا باران) و بۆنەو یادەکانیش رۆڵم لە شانۆیەکان بینیوە.

*** گەر لەگەڵ کاك نەوشێروان هاوسەرگیریت نەکردایە،کە بەیەکەوە لەبەشی شانۆ بوون، لە کاری شانۆیی بەردەوام دەبوویت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم: نەخێر، نەمدەتوانی بەردەوام بم، ئەگەر لە بری نەوشێروان هەرکەسێکی دی بوایە، شانۆکار نەبوایە، بەردەوام نەدەبووم، چونکە ئێمە شانۆکارمان هەیە بەشێکی زۆریان ناهێڵن خێزانەکانیان لەسەر ستێج نمایش و نواندن بکات، بەڵام نەوشیروان هاوکار و یارمەتیدەرێکی زۆر باشی من بووە، دایك و باوکم تائێستاشی لەگەڵدابێ پێیان خۆش نەبووە، کە من لەکاری شانۆیی بەشدار بم، بەڵام هاوسەرەکەم زۆر هاوکار و یارمەتیدەرمە لە کاری هونەری.

*** یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی تۆ ئەوەیە تا کارەکتەرەکە دەدۆزیتەوە زۆر ماندوو دەبیت، هیچ جار روویداوە کە دوای ماندووبوون نەتتوانیبێت کارەکتەرەکە بخوێنیتەوە؟**

- تا ئێستا هیچ کارێك، یان ڕۆڵێك نەهاتۆتە بەردەستم کە وەستابێتم و بڵێم ناتوانم، بەڵام تاوەکو کەسایەتییەکەم دۆزیوەتەوە، زۆر ماندوو بووم، تەنانەت شەوی وا هەبووە سەعاتێك نەخەوتووم، جگە لە پڕۆڤەکردن کە چوار بۆ پێنج سەعات پڕۆڤەمان کردووە، لە دوای ئەوەش من گەڕاوم بەدوای ئەو سەرچاوانەی کە تەنانەت دێڕێکیشی لەسەر ئەو کارەکتەرە تیا بووە، هەمیشە لەگەڵ کارەکتەرەکانم ژیاوم، بەڵام دوای ڕۆڵ بینینی هەر کارەکتەرێك بۆ کارەکتەرێکی





ترِ گەڕاوم، هیچ ڕەنگدانەوەی کارەکتەری پێشووم لەسەر نەماوە.

*** گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی وەك شێتێك لەسەر ستێج خۆت ببینیتەوە؟**

- بەڵێ لە کارەکتەری (ئۆڤیلیا) ی شانۆیی (هاملێت) وام لێ هات، یانی وام لێهاتبوو وەك شێتێك ڕەفتارم دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕایەوە کە زۆر چوبوومە ناو کارەکتەرەکەمەوە، بەڵام شتێك هەیە نەبێتە پیاهەڵدان، هەرکارێکم کۆتایی پێبێت، کارەکتەرەکەش لەگەڵیا کوتایی پێ دێت.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە لەپاڵ شانۆ گۆرانیش بڵێیت؟**

- بیرم لەوەکردۆتەوە، چونکە لەمنداڵیشا حەزم دەکرد ببم بە گۆرانیبێژ، من لەخیزانێك بووم کۆمەڵێك شت هەبوو، لەلایان بڤە بوو، یەکێك لەوانە گۆرانی وتنی ئافرەت لەسەر ستێیج بوو،لایان شتێکی باش نەبوو.

*** دوایین کاری کاری هونەریت، شانۆیی(خودا حافیز نازانم تاکەی) کە تیایدا ڕۆڵی کەسایەتی (شێوە) ت بەرجەستە کرد، کە کەسێك بووچەند ساڵێك ئەخەوت کەهەڵدەستا شتێك روویدابوو، چۆن وەسفی خۆت دەکەی لەم کاراکتەرە؟**

- ئەگەر بڵێم لەم کارەدا سەرکەوتوو بووم، ئەوە دەبێتە وەسفێکی خۆم، ئەویش وەك کارەکانی پێشووترم بینەرێکی زۆر بەدڵیان بوو، زۆر رازی بووم لە بەرجەستەکردنی کارەکتەری(شێوە)، ئەومان بیر نەچێت تاکە سەرکەوتنی ئەکتەر لە نواندن راستگۆیی و متمانە بەخۆ بوونە، شێوە کەسایەتییەکی مەزڵووم و هەژار، سێ ساڵ جارێك هەڵدەستا لەخەو، کە هەڵدەستا لەخەو کۆمەڵێك شتی زۆر گۆڕابوو، لەگەڵ هەر هەڵسانەوەیەك تووشی کۆمەڵێك کارەسات و ناخۆشی دەبوو، توشی ئازارێکی زۆر ئەبوو تاوای لێهات باری دەروونی ئەو کچە تێکچوو، گەیشتە ئەوەی کە شێت بێ، کارەکتەرێکی قورس بوو لای من، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشەویستییەك و راستگۆییەك هەبوو، توانیم بەرجەستەی کەم.

*** (دورگەی مرواری) یەکەم کورتە فیلم بوو کە بەشداریت تێیدا کرد، ئەمە چۆن بوو؟**

- من بڕوام وابووە جگە لەکاری شانۆ هیچ کارێکی تری بەردەم کامێرا نەکەم، بۆ زۆر دراماو فیلمیش پێم وتراوە، بەڵام کە سیناریۆی ئەم کورتە فیلمەم خوێندەوە، هەستم کرد پەیامێکی زۆر پیرۆزە، باسی کچە شەرڤانێك دەکات، کە من رۆڵەکەیم بینی، هەرچەندە هێشتا مۆنتاژ نەکراوە و نەمبینیوە، بەڵام من لە رۆڵەکەی خۆم رازی بووم، دەرهێنەریش زۆر بەدڵی بوو.

*** دوای (دورگەی مرواری) ئەگەر ئێستا داوات لێبکەن لە درامایەك لە فیلمێکدا ڕۆڵ ببینیت، رۆڵ دەبینیت؟**

- نەخێر لەبەر نزمیی ئاستی دراماکان من ئامادەنیم لەهیچ دراماو فیلمێکدا رۆڵ ببینم، تا ئێستا هیچ درامایەکی کوردیم نەبینیوە، چێژم لێ بینیبێت، ئێمە ئەکتەری زۆر باشمان هەیە، بەڵام کاتێك لە دراماکان دەیبینین زۆر خراپە، منیش هەمان ترسم هەیە کە نەتوانم ڕۆڵەکە بەباشی ببینم و خراپ دەرکەوم.



